https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2251.6

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی جووەکانی باڵەکایەتی

## لە ژێر ڕۆشنایی دەفتەرنامەیەکی دەوڵەتی عوسمانیدا

د. فاخر عالی عەبابەکر

زانکۆی سۆران/ فاکەڵتیی ئاداب/ بەشی مێژوو

fahirmirhan@gmai.com

**پوختە:**

جووەکان وەک پێکهاتەیەکی ئاینی و نەتەوەیی ڕۆڵێکی دیاریان لە مێژووی جیهاندا تۆمارکردووە، لە سەرچاوە فەرمی و نافەرمییەکاندا بە شێوەی جیاواز ناویان هاتووە، ئەم توێژینەوەیەش بەشێکە لەو نووسین و لێکۆڵینەوانەی کە لەسەر مێژووی جووەکان نووسراوە. تەوەرە و ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوە مێژووییە بە ناونیشانی: "**پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی جووەکانی باڵەکایەتی لە ژێر ڕۆشنایی دەفتەرنامەیەکی دەوڵەتی عوسمانیدا**"، ئەنجامدراوە، توێژینەوەکە لە سێ تەوەرەی سەرەکی پێکهاتووە؛ لە تەوەرەی یەکەمدا چەردەیەکی مێژوویی جوگرافی و کارگێڕیی باڵەکایەتی باسکراوە، لە تەوەرەی دووەمدا باس لە مێژووی هاتن و نیشتەجێبوونی جووەکانی باڵەکایەتی کراوە، هەروەها تەوەرەی سێیەمیش کە ناوەڕۆک و کرۆکی بابەتەکەیە، باس لە پێکهاتەی جووەکانی باڵەکایەتی دەکات، لە ژێر ڕۆشنایی دەفتەرنامەیەکی ئەرشیفی دەوڵەتی عوسمانی، ناو و پێکهاتەی جووەکانی باڵەکایەتی شرۆڤەکراوە، بە شێوەیەکی زانستی و بەراوردکارییانە تاوتوێی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی جووەکانی باڵەکایەتی کراوە، لەم ڕوانگەیەوە چەند ئەنجامێکی نوێ و بابەتیانەی تایبەت بە توێژینەوەکە بە دەستهاتوون.

**وشە کلیلییەکان:** پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، جوو، جزیە، باڵەکایەتی، دەوڵەتی عوسمانی

**پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی جووەکانی باڵەکایەتی**

**لە ژێر ڕۆشنایی دەفتەرنامەیەکی دەوڵەتی عوسمانیدا**

**پێشەکی:**

جووەکان وەک ڕەگەزێکی گرنگ و پێکهاتەیەکی ئاینی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسیی ڕۆژهەڵات، ڕۆڵێکی دیار و بەرچاویان لە سەردەم و قۆناغە جیاوازەکانی مێژوودا هەبووە، بە گوێرەی زەمینەسازی و هەلومەرجی ژینگەی دەوروبەریان، هەندێکجار وەک دەسەڵاتدار و هەندێکجاریش وەک پەڕاگەندە و لێقەوماو، ڕۆڵیان لە نێو ڕووداوەکاندا هەبووە. بەم شێوەیە هەتاکو دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل (١٩٤٨) بە شێوەی جیاواز و پەڕاگەندەیی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان بردۆتەسەر. بە هۆی جوگرافیای ناوچەکە و گۆڕانکارییە سیاسی و سەربازییەکانی ناوچەکە، زۆرترین ڕێژەی جووەکان بەسەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی دابەشبوونە، وەک پێکهاتەیەکی کەمە ئاینی، لە شوێنە جیاوازەکاندا خەریکی کاروبارەکانی خۆیان بوونە، بە هۆی تایبەتمەندی و شارەزاییان لە کاری دەستی و بازرگانیدا، کاریگەرییان لەسەر بازاڕەکاندا هەبووە، لەم ڕێگەیەوە پەیوەندییەکی فراوانیان لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی دەوڵەتی عوسمانیدا هەبووە، لە هەر شوێن و ناوچەیەکدا ژیابن، زمانی ئەو شوێن و نەتەوەیان زانیوە.

بە شێوەیەکی گشتی دەوڵەتی عوسمانی وەک پێکهاتەیەکی ئاینی مامەڵەی لەگەڵ جووەکاندا کردووە، بە گوێرەی بنەماکانی ئاینی و یاسا بەرکارەکانی دەوڵەت، کاروباری جووەکانی ڕێکخستووە. یەکێک لەو کارانەی کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە جووەکانەوە هەبووە، وەرگرتنی جزیە بووە، وەک ئەوەی لە بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی عوسمانیدا دەردەکەوێت، ڕێکاری تایبەت بە وەرگرتنی جزیەی کەمە ئاینییەکان

گیراوەتەبەر، هەموو ئەم ڕێکارانەش بە پێی داواکارییەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە دەفتەرنامەیەکی تایبەت بە کەمە ئاینییەکان تۆمارکراون.

پرسیاری سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە، دۆزینەوەی وەڵامێکە بۆ ئەو کەسانەی کە پێیان دەگوترێت: (بن جوو)، زۆرێک لە جووەکان لە کات و قۆناغی جیاوازدا بە شێوەیەک لە شێوەکان تێکەڵاوییان لەگەڵ موسڵمانەکان دروستکردووە و بوونەتە موسڵمان و لە شوێنەکانی خۆیان ماونەتەوە و نەگەڕاونەتەوە ئیسرائیل. لە پاڵ باسکردنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی جووەکانی باڵەکایەتیدا، لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەیەدا دەکرێ سەرەداوێکیان لەسەر خانەوادە و ناوی باپیرانیان دەستبکەوێت، بە وەردەکاری و سەرنجەوە بە دواداچوون لەو لیستەی ناوەکاندا بکەن کە لە پاشکۆی ئەم توێژینەوەیەدا دانراون.

**گرنگیی ئەم توێژینەوەیە**، خۆی لە دوو خاڵدا دەبینێتەوە، یەکەمیان بەکارهێنانی دەفتەرنامەیەکی تایبەت بە جزیە و پێکهاتەی جووەکان، وەک ئەوەی شارەزاییمان هەیە و لێ ئاگادار بین، بۆ یەکەمجارە توێژینەوەیەکی لەو شێوەیە بە زمانی کوردی بنووسرێت. خاڵی دووەم و گرنگی ئەم توێژینەوەیە، بۆ خودی ناوچەی باڵەکایەتی دەگەڕێتەوە، ئەم ناوچەیە لە سەرچاوە مێژووییەکانی سەردەمی کۆن و دەوڵەتی عوسمانیدا، زۆر بە کەمی باسکراوە، هەر ئەمەش بوونەتە هۆکاری سەرەکی بۆ هەڵبژاردن و لێکۆڵینەوەکردن لەسەر ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە. لە یەک کاتداو بە یەک کار دوو ئامانج پێکراون، لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەم دەفتەرنامەیەی دەوڵەتی عوسمانی، دوو بابەتی گرنگ و باسنەکراوی وەک مێژووی پێکهاتەی جووەکان و ناوچەی باڵەکایەتی دەرخستووە، بە زانیارییە نوێ و هەمەجۆرەکانی بەهایەکی زانستی و تایبەتیان بە توێژینەوەکە بەخشیوە. بە تایبەت لە وەرگێڕانی ناو، تەمەن، شێوەی باڵا و ڕەنگی ڕووخساری جووەکاندا، ئەگەرچی وەرگێڕان و

ئامادەکردنی ئەو ناوانەی کە لە دەفتەرنامەکەدا هاتبوون، کارێکی کاتبەر و ماندووهێنەر بوو، بەڵام لەبەر گرنگیی بابەتەکە بە پێویست زانرا سەرجەم ناوەکان وەربگێڕدرێن و لە پاشکۆی توێژینەوەکەدا دابنرێن.

**گیروگرفتی بەردەم ئەم توێژینەوەیە،** کەمیی سەرچاوەی تایبەت بووە، پێکهاتەی جووەکانی عێراق سەرچاوەی زۆریان لەسەر هەیە و زۆریان لەسەر نووسراوە، بەڵام بەهۆی تایبەتمەندیی ناوچەی باڵەکایەتی و دوورەدەستی لە شار و دەسەڵاتی ناوەندیی دەوڵەت وایکردووە هیچ سەرچاوەیەکی تایبەت لەسەر ناوچەکە و جووەکانی سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی نەبێت، لەبەر ئەوە ئەم بابەتە یەکێکبووە لە کێشە و ئاستەنگە هەرە سەرەکییەکانی بەردەم ئەم توێژینەوەیە. گرفتێکی دیکەی بەردەم ئەم توێژینەوەیە لە دەفتەرنامەکەدا بووە، ئەم دەفتەرنامەیە بە زمانی عوسمانی و بە دەست نووسراوە، بۆیە هەندێک ئاستەنگی لە بەردەم خوێندنەوەدا دروستکردووە، بەهۆی ئاڵۆزیی شێوازی نووسینەکە هەندێ لە وشەکان نەتوانراوە بخوێندرێنەوە، لە شوێنی ئەو وشانەی کە نەخوێندراونەتەوە هێمای (=)یان بۆ دانراوە. وەک ڕوونکردنەوە و سەرنجێکی سەر ئەو بابەتە، ئەو شوێنانەی کە نەخوێندراونەتەوە هیچ گۆڕانکارییەکیان لە ناوەڕۆک و کرۆکی بابەتەکە نەکردووە، ئەوەی باسکراوە و نووسراوە تەنها ناوی تایبەتی کەسەکانە. لەگەڵ هەبوونی ئەم ئاستەنگە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەم دەفتەرنامەیەی دەوڵەتی عوسمانی و چەند سەرچاوەیەکی دیکەی پەیوەست بە بابەتەکە تا ڕادەیەک توانراوە چارەسەری گرفتەکە بکرێت و بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە پێداویستی و کەلێنەکانی ئەو بابەتانە پڕبکرێنەوە کە لە توێژینەوەکەدا باسکراون.

**سەرچاوەکانی ئەم توێژینەوە جۆراوجۆرن،** هەموو ئەو سەرچاوانەی کە بە جۆرێک لە جۆرەکان، باسیان لە پێکهاتەی جووەکان و مێژووی باڵەکایەتی کردبێت سوودیان لێ وەرگیراوە، سەرچاوەکانی وەک کتێب،

گۆڤار و پێگە ئەلکترۆنییەکان، بە زمانەکانی (کوردی، عەرەبی و تورکی) بەکارهێنراوان. لە نێو ئەم سەرچاوانەدا بە شێوەیەکی سەرەکی، سوود لەو دەفتەرنامەیە وەگیراوە کە لە ئەرشیفی دەوڵەتی عوسمانی هێنراوەتەوە، مێژووی ئەم دەفتەرنامەیە بۆ ساڵی (١٨٥٤) دەگەڕێتەوە، لە دەفتەرنامەکەدا ناو، تەمەن و شێوەی ڕوخساری پێکهاتەی کەمە ئاینی کرستیان و جووەکانی لیوای ڕواندزی تێدا تۆمارکراوە، دوای وردبوونەوە و تێڕامان بە شێوەیەکی زۆر ورد و بابەتیانە کاری لەسەر کراوە.

**ڕێبازی بەکارهێنراوی ئەم توێژینەوەیە**، ڕێبازێکی شیکاری و بەراوردکارییە، لە چوارچێوەی ئەو سەرچاوە جۆراوجۆرانەی کە بەردەستبوونە، زانیارییەکانی تایبەت بە مێژووی پێکهاتەی جووەکان و باڵەکایەتی لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەم دەفتەرنامەیەی ئەرشیفی عوسمانی، شیکاری و بەراوردکارییان بۆکراوە و بە شێوەیەکی بابەتیانە هەڵسەنگێندراون و تاوتوێکراون.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە**؛ ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی، سێ تەوەرە و چەند ئەنجامێک پێکهاتووە، لە تەوەرەی یەکەمدا، بە کورتەیەکی چڕ و مێژوویی باس لە چەردەیەکی مێژوویی کارگێڕی و جوگرافیای باڵەکایەتی کراوە. لە تەوەرەی دووەمدا باس لە مێژووی هاتن و نیشتەجێبوونی جووەکانی باڵەکایەتی کراوە، هەروەها لە تەوەرەی سێیەمیشدا باس لە شرۆڤەکردنی دەفتەرنامەکە و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، ناو، شێوەی ڕەنگ و ڕوخساری جووەکان کراوە. لەم چوارچێوەیەدا، چەند ئەنجامێک بە دەست هاتوون و لە کۆتایی توێژینەوەکەدا نووسراون.

## تەوەرەی یەکەم: چەردەیەکی مێژوویی ناو، جوگرافیا و کارگێڕیی باڵەکایەتی

باڵەکایەتی یەکێک لە ناوچە گرنگ و ستراتیژییەکانی سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی نوێی عێراق بووە، بە هۆی بەرفراوانیی سنوور و سەختیی جوگرافیاکەی، ڕووداوگەلێکی تۆمارکراو و نەزانراوی زۆر لە ناوچەکەدا ڕوویانداوە، هەندێک لەم ڕووداوانە لە سەرچاوە و بەڵگەنامە فەرمییەکانی دەوڵەتدا تۆمارکراون و زانیاریی باشیان لەسەر مێژووی باڵەکایەتی تێدا هاتووە، بە پێچەوانەشەوە هەندێ بابەت و لایەنی دیکەی مێژووەکەی بە بزری ماوەتەوە و تاکو ئێستا ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە. یەکێک لەم بابەتانەش مێژووی جووەکانە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات پەردە لەسەر مێژووی پێکهاتەی جووەکانی باڵەکایەتی هەڵبداتەوە، بەڵام پێش لێکۆڵینەوە و چوونە ناو ناوەڕۆکی بابەتەکە، باسکردنی پوختەیەک لە مێژووی باڵەک یاخود باڵەکایەتی بە پێویست دەزانرێت، بە ئامانجی گەیشتن بە زانیاری و شارەزابوون لە ناو، جوگرافیا و لایەنی کارگێڕیی دەڤەری باڵەکایەتی، چەند بابەتێکی تایبەت بە مێژووی ناوچەکە لەم توێژینەوەیەدا تاوتوێ دەکرێن.

### ١. ١. ناوی باڵەک و چەند بۆچوونێک

ناوی (باڵەک) یاخود (باڵەکایەتی)، چەند بۆچوونێکی جیاواز هەن، بە بێ ئەوەی هیچ کامیان بە سەرچاوەیەکی زانستی دروست ناوەکە ساغ بکەنەوە، هەر یەکێکیان بە جۆرێک بۆچوونی خۆی دەرخستووە، بەشێکی زۆری بۆچوونەکان بۆ ئەوە دەچن کە ناوی (باڵەک) لە هەر دوو وشەی (باڵا) و (کێو)ی لێکدراو هاتبێت، وشەی (باڵا) بە مانای (بەرز) و مانای (کێو)یش بە مانای (چیا / شاخ) دێت، بە هۆی ئەوەی دەڤەری باڵەکایەتی ژمارەیەکی زۆری کێو و شاخی بەرزی لەخۆگرتووە، دەکرێ ناوەکە لە

(بالا کێو)ەوە هاتبێت، ئیتر بەم شێوەیە بە تێپەڕبوونی کات و قۆناغی مێژوویی گۆڕانکاری بەسەر ناوەکە هاتبێت، تا لە ئەنجامدا بۆتە ناوی (باڵەک) یاخود (باڵەکایەتی) (شاخەوان، ٢٠١٥، ل١٦)، هەر چەندە ئەم بۆچوونە قسە و باسی زۆری لەبارەیەوە دەکرێت، بەڵام ئەمە تەنها بۆچوون و لێکدانەوەیە و هیچ بنەما و پاڵپشتێکی زانستیی نییە، هەروەها لە ڕووی شێوەی نووسینیشەوە، لە کتێبێکی تایبەت بە ناوی شوێنەکانی سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی، بە (بالک) ناوی نووسراوە ( Sezen, 2006, s. 61). وەک شارەزایەکی زار و بنزاری ناوچەی باڵەکایەتی، لە ڕوانگەی ئەو زانیارییانەی کە بەردەستن، دەکرێ ناوەکە لە هەردوو وشەی (باڵ) و (لک)ەوە هاتبێت، جوگرافیای ناوچەکە وا هەڵکەوتووە چەندین قوڵ و باڵی چیای بەرز و نیمچەبەرزی لەخۆگرتووە، ئەگەر بە گوێرەی ئاخاوتن و بنزاری ناوچەکە هەڵسەنگاندنێک لە بارەی دروستبوونی ناوەکەوە بکرێت، تا ڕادەیەک لە ڕاستی نزیک دەبینەوە، وەک ئەوەی لە شێوەی بنزار و ئاخاوتنی ناوچەکە تێبینی دەکرێت، وشەی (لک) بۆ لق و پۆپی لابەلا بەکاردەهێنرێت، لە ئەنجامی یەکگرتنی هەردوو برگەی (باڵ) و (لک)، وشەی (باڵەک)ی لێ دروستبووە.

## ١. ٢. سنووری جوگرافیای باڵەک

دەڤەری باڵەکایەتی، سنوور و جوگرافیایەکی بەرفراوان و ستراتیژیی هەیە، لە باکوور و ڕۆژهەڵاتدا لەگەڵ دەوڵەتی قاجاری ئێران (١٧٩٥ – ١٩٢٥) هاوسنوور بووە، هەروەها لە باشوور و ڕۆژئاواشدا هاوسنووری ناوچەکانی دیکەی نێوخۆی ویلایەتی موسل بووە، بەم هۆیەوە ناوچەی باڵەکایەتی گرنگییەکی سنووری و جوگرافیایەکی تایبەتی بۆ دەوڵەتی عوسمانی هەبووە (الحسني، ١٩٣٠، ص١٨١). بە پێی مەزەندە و زانیارییەکان بێت، ژمارەی گوندەکانی ئەو ناوچەیە تا کۆتاییەکانی حوکمڕانیی دەوڵەتی عوسمانی لە عێراق، نزیکی سەد گوندێک بووە، لە

دیارترین و ناودارترینیشیان گوندەکانی (ڕوست و گەلاڵە) بوونە. بە هۆی هەبوونی ڕووبەرێکی فراوانی زەوی، دانیشتووی گوندەکان بە کاری ئاژەڵداری و کشتوکاڵکردن خەریکبوونە، بژێوی و ژیانی ڕۆژانەی خۆیان لەسەری بەڕێوەبردووە[١].

## ١. ٣. پێگەی کارگێڕیی باڵەک لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا

هەرچۆنێک بێت پێگەی دەڤەری باڵەکایەتی، گرنگی و تایبەتمەندیی خۆی لە دەوڵەتی عوسمانیدا هەبووە، بۆیە بە پێی هەلومەرج و بارودۆخی کارگێڕی و سیاسی، ناحیەی (باڵەک) چەندین گۆڕانکاریی کارگێڕی بەسەر ناوچەکەدا هاتووە، هەندێکجار پلەی ناحیەی پێدراوە و هەندێکجاریش لێی وەرگیراوەتەوە، بە پێی ئەو دەفتەرنامەیەی کە ئەم توێژینەوەیەی لەسەر ئەنجامدراوە، لە ساڵی (١٨٥٤)دا دەڤەری (باڵەک) وەک ناحیەییێکی سەربەخۆ سەر بە لیوای ڕواندز و ویلایەتی بەغدا بووە Osmanlı Arşivi (Boa), Kamil Kepeci, Cizye Muhasebe ) Kalami, Ciziye Muhasebe Kalemi, Kk.D No. 3906, Özel No. (107، ساڵێک دواتر پایەی کارگێریی (باڵەک) گۆڕانکاری بەسەردا دێت و وەک (قەزا و ناحیە)یەکی سەر بە لیوای ڕەواندز و ویلایەتی شارەزوور و دواتریش بەغدا لە دووتوێی کتێبێکدا ناوی هاتووە ( .Sezen, 2006, s) 61. لە ژێر ڕۆشنایی ئەم دوو نووسراوە بەڵگەنامەییەدا دەکرێ بەڵگەی یەکەم بە دروستتر بزانرێ لەوەی دووەم، بەڵگەی یەکەم وەک نووسراوی فەرمیی دەوڵەت ناوی (باڵەک)ی تێدا هاتووە، بەڵام سەرچاوەی دووەم وەک کتێبێکی چاپکراو بەبێ ئەوەی ئاماژەی بە ناوی سەرچاوەکە بکات وا نیشان دەدات کە ناوچەی (باڵەک) لە ساڵی (١٨٥٥) قەزا و ناحیە بووبێت. بە شێوەیەکی گشتی هەموو ئەو گۆڕانکاری و ئالوگۆڕییە کارگێڕییانەی کە لە دەوڵەتی عوسمانیدا کراون، لەسەر بنەمای بارودۆخی سیاسی، پێگەی جوگرافی و شوێنی ستراتیژیی ناوچەکاندا دابەشکراون،

بۆیە هەندێ لە یەکە کارگێڕییەکان گرنگی و تایبەتمەندیی زیاتریان هەبووە لەوانی دیکە، هەر ئەمەش وایکردووە لیوای ڕواندز و ناحیەکانی بایەخێکی گەورەیان لە دەوڵەتی عوسمانیدا هەبێت، ئەم بایەخە گەورەیەی لیوای ڕواندز وێڕای پێگە جوگرافی و بازرگانییەکەی بەشێکی زۆری بۆ هاوسنوور بوونی لەگەڵ دەوڵەتی قاجاری (١٧٩٥– ١٩٢٥)( Karadeniz, 2013)دەگەڕێتەوە، ناوچەی (باڵەک)یش وەک ناحیەیێکی سەر بە لیوای ڕواندز، ڕاستەوخۆ کەوتبووە سەر سنووری نێوان دەوڵەتی عوسمانی و حکومەتی قاجاری لە ئێران، بۆیە پێگەی لیوای ڕواندزی زیاتر بەرزکردۆتەوە.

سەبارەت بە ڕووداوە مێژووییەکانی دەڤەری باڵەکایەتی، هیچ سەرچاوەیەکی تایبەتی وا لەبەر دەستدا نییە کە باس لە مێژووی کۆن و سەدەکانی ناوەڕاست و مێژووی نوێ بکات، ئەوەندە زانیارییەی کە لە سەرچاوەکانیشدا هاتووە، تەنها بابەت و ئالوگۆڕە کارگێڕییەکانی باسکردووە و بەڵگە و نووسراوی دیکەی تایبەت بە مێژووی ناوچەکە لەبەر دەستدا نییە. هەتا کاتی ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە، سەرچاوەیەکی تایبەت بە ڕووداوەکانی ناوچەکە دەستنەکەوتووە، هەرچەندی بە دوایدا بگەڕێین شتێکی ئەوتۆیان لە هەمبەر مێژووی سەردەمی کۆن و سەدەکانی ناوەڕاستی باڵەکایەتی دەستناکەوێت، ئەوەندە تۆمار و زانیارییەی کە هەیە، بۆ سەردەمی ڕۆژگارەکانی میرنشینی سۆران و (میر محەمەد پاشا) (١٨٢٦ – ١٨٣٦) دەگەڕێتەوە، لەم سەردەمەدا باس لە باڵەکایەتی بە گشتی و گوندی ڕوست بە تایبەتی دەبێتە جێی سەرنجی میر محەمەد پاشا، بە ئامانجی فراوانکردنی میرنشین و لەناوبردنی نەیارەکانی خۆی، هێرش دەکاتە سەر گوندی ڕوست، دوای ئەوەی لە هێرشی یەکەم شکستی هێنا، بۆ جاری دووەم سەرکەوتنی بەدەستهێنا و گوندی ڕوست و دەڤەری باڵەکایەتی کۆنترۆڵکرد و خستیە سەر میرنشینی سۆران[2]. ئەم ڕووداوانە لە زاری

تەمەندارەکانی ناوچەکە تۆمارکراوە، لەو بارەیەوە توێژەرێک چاوپێکەوتنی لەگەڵدا ئەنجامداون، لە بارەی کەسایەتییەکانی گوندی ڕوست زانیاری پێچەوانەوەیان باسکردووە. (ڕوستی، ۲۰۰۷، ل٤١ – ٤٣).

**تەوەرەی دووەم: مێژووی هاتن و نیشتەجێبوونی جووەکانی باڵەکایەتی**

به شێوەیەکی گشتی هیچ سەرچاوەیەکی تایبەت لەسەر مێژووی هاتن و نیشتەجێبوونی جووەکانی کوردستان و باڵەکایەتی لەبەر دەستدا نییە، کە بە دیاریکراوی باس لە مێژووی هاتنیان بکات، لەم بارەیەوە چەند بیروبۆچوونێکی جیاواز دەگوترێن؛ چەند سەرچاوەیەک ئاماژە بەوە دەکەن کە جووەکان دوای ئەسیر بوونیان لە فەلەستین، لە لایەن ئاشوورییەکانەوە هێنراونەتە هەرێمی میزۆپۆتامیا و کوردستان، هاتنی جووەکانی ئەم ناوچانە، ئەم هاتن و کۆچ پێکردنەیان بە چەند قۆناغێکی مێژوویدا تێپەڕیوە، وەک ئەوەی لە سەرچاوەکاندا تێبینی دەکرێت، سەرجەم قۆناغەکان بۆ سەدەکانی پێش زاین دەگەڕێنەوە. جووەکان لە ماوەی سێ سەدەی پێش زاینیدا هاتوونەتە عێراق (احمد، ۲۰۰۱، ص۲۰ ؛ مرعی، ۲۰۰۸، ص۷ – ۹ ؛ هەرشەمی، ۲۰۱۸، ل٢٦٦ – ٢٦٧)، یەکەمین قۆناغی هاتنیان بۆ سەرەتاکانی سەدەی حەفتەمی پێش زاین و سەردەمی حوکمڕانیی ئاشوورییەکانی عێراق دەگەڕێتەوە، ئەو کاتەی ئاشوورییەکان چەندین جار و بە چەند قۆناغ هێرشیان کردە سەر ئیسرائیل، ژمارەیەکی زۆریان لە جووەکانی ئیسرائیل بە دیل گرت و بە بارمتە گواستیانەوە عێراق، هەروەها قۆناغی دووەمی هاتنی جووەکان بۆ سەردەمی بابلییەکان و سەدەی شەشەمی پێش زاین دەگەڕێتەوە. لە قۆناغی سێیەمیشدا بەشێکی دیکەی جووەکان هێنراونەتە عێراق، دوای هاتنیان بۆ عێراق بەشێکی زۆریان لە ناوچە شاخاوییەکانی باکووری عێراق و ناوچە کوردنشینەکانی سنووری نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێران نیشتەجێکراون، دواتر بە تێپەڕبوونی کات تێکەڵ بە نەتەوە و دانیشتوانی

ناوچەکە بوونە (الربیعی، ٢٠١٧، ص٧ – ١٧)، هەرچەندە جووەکان لە زۆربەی شارە جیاوازەکانی ئێستای عێراقدا ژیاون، بەڵام بەشێکی زۆریشیان هاتوونەتە باکوور و لە ناوچە جیاوازەکانی کوردنشین نیشتەجێبوونە. (مەلا، http://www.knwe.org لە ١١/ ٨/ ٢٠٢١).

بەم شێوەیە دەکرێ بگوترێ مێژووی هاتنی جووەکان بۆ عێراق و ناوچەی باڵەکایەتی بۆ پێش زاین و سەردەمی ئیپراتۆریەتی ئاشووری دەگەڕێتەوە، لە کاتی هێنان و کۆچ پێکردنیان بۆ هەرێمی میزۆپۆتامیا، ژمارەیەک لەو جووانە هاتوونەتە گوندەکانی باڵەکایەتی، ئینجا چ بە ئارەزووی خۆیان هاتبن یاخود بە زۆرەملێ، ژمارەیەک لەو جووانە لە گوندەکانی: (ڕوست، وەڵزە، مێرگە، مەمی خەلان، شێخان، ناوەندە و گەلاڵە)[٣]ی باڵەکایەتی نیشتەجێبوونە و ژیاون. پاڵپشت بەم زانیارییە مێژووییانە، دەکرێ مێژووی نیشتەجێبوونی جووەکانی باڵەکایەتیش بۆ سەدەکانی پێش زاین یاخود سەدەکانی دواتر و ناوەڕاست بگەڕێتەوە.

جووەکان پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیی تایبەت بە خۆیانن، چەند خەسڵەتێکی تایبەتیان هەیە و پێی دەناسرێنەوە، لە دیارترین خەسڵەتەکانیشیان پێکهاتەیەکی جەربەزە و چتوونی ئابووری و کارگێریین، لە کاروباری ڕۆژانەی بازرگانی و پیشەوەریدا جێ دەستێکی باڵایان هەیە، لەگەڵ نیشتەجێبوونیان لە ناوچە جیاوازەکان، لە بواری تایبەتی خۆیاندا ڕۆڵیان گێڕاوە. بژێویی ژیانی جووەکان بەند بووە بە کاری پیشەوەری، بۆیە بە زوویی لە ڕێگەی کاری پیشەوەرییەوە تێکەڵاوی دانشتوانی ڕەسەنی ناوچەکە بوونە و خۆیان فێری زمان و کلتووری نەتەوە جیاوازەکان کردووە، ئەم تێکەڵاوبوونەیان کاریگەرییەکی قوڵی کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئاینی و ڕۆشنبیرییان لەسەر هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی خۆیان و کۆمەڵگەی کوردییەوە بەجێهێشتووە، لەگەڵ ئەوەی بەشێکی زۆری فەرهەنگ و کلتووری ناوچەکەیان وەرگرتووە، بەڵام لە

هەمان کاتیشدا ئاین و دابونەریتی خۆیان لەبیرنەکردووە، وەک کۆمەڵە و پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی خۆیان لە هەموو مەترسییەکی لە ناوچوون پاراستووە. (هەرشەمی، ٢٠١٨، ل٢٦٩ – ٢٧١ ؛ شۆرتس، ٢٠١٣، ل٥٣ – ٦٣ ؛ سەباح، ٢٠٢١، ل٣٦٧ – ٣٧٧). دوای هاتنی جووەکان و نیشتەجێبوونیان لە باڵەکایەتی، بە تێپەڕبوونی کات و لە ڕێگەی کار و پیشەی بازرگانییەوە بوونەتە پێکهاتەیەکی دیار و کاریگەری ناوچەکە، لە ڕووی چالاکی و دەستکەوتی داراییەوە، گەلێک لە دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکە دەستڕۆیشتووتر بوونە، ئەمەش وایکردووە پایەیەکی بەرز و دیاریان لە بواری بازرگانیی ویلایەتەکانی عێراق و دەوڵەتی عوسمانیدا هەبێت (الربیعي، ٢٠١٧، ص١٢١ – ١٤٢ ؛ نایف، ص٤٠٤). جووەکانی عێراق لە کاتی هاتنی دەسەڵاتی عوسمانییەکانیش بۆ عێراق (١٥٣٤)، هیچ زیانێکی ئەوتۆیان پێنەگەیشتووە کە شیاوی باسکردن بێت، لە ماوەی حوکمڕانیی دەوڵەتی عوسمانیدا دەسەڵاتی جووەکان فراوانبووە، چالاکیی ئابووریيان لە سەرجەم ویلایەتەکانی عێراق و دەوڵەتی عوسمانی ئەنجامداوە، لە خۆشگوزەرانییەکی باشدا ژیاون، ئەمەش وایکردووە ژمارەی جووەکان لە کرستیانەکانی عێراق زیاتر بێت، ئەم شێوە ژیانەی جووەکان هەتاکو ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی بەردەوام بووە، هەرچەندە لە ماوەی ساڵانی جەنگدا ڕووبەڕووی چەند ئاستەنگێک بوونەتەوە، بەڵام دوای هاتنی ئینگلیزەکان بۆ عێراق و سەردەمی پاشایەتی، پێکهاتەی جووەکان بە شێوەیەکی ئاسایی درێژەیان بە ژیانی خۆیانداوە (یوسف، ٢٠١٣، ل٩ – ١٢). لە چوارچێوەی ئەم زانیارییانەدا دەکرێ بگوترێ هاوچۆنییەک لە شێوە و پێکهاتەی ژیانی جووەکانی ویلایەتەکانی عێراق و باڵەکایەتیدا هەبووە، زۆربەیان بە کاری دەستی و پیشەوەرییەوە خەریکبوونە. هەتاکو دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل (١٩٤٨) کاری دەستی و پیشەگەری کاری سەرەکییان بووە، دوای دروستبوونی دەوڵەتەکەیان، تێکڕای جووەکانی دەڤەری باڵەکایەتی

کۆچیان کرد و چوونەتەوە بۆ ئیسرائیل، لە دوای خۆشیان جگە لە گۆڕستان و چەند شوێنەوارێکی خانووبەرە هیچ پاشماوەیەکی گرنگ و بایەخداریان لە دوا بەجێنەماوە. (مەلا، http://www.knwe.org لە ١١/ ٨/ ٢٠٢١)

**تەوەرەی سێیەم: ناساندنێکی گشتی دەفتەرنامە و پێکهاتەی کۆمەلایەتیی جووەکانی باڵەکایەتی لە ژێر ڕۆشنایی دەفتەرنامەیەکی دەوڵەتی عوسمانیدا**

## ٣. ١. ناساندنێکی گشتی دەفتەرنامەکان و شێوازی جزیە وەرگرتن لە دەوڵەتی عوسمانیدا

ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی دەوڵەتی عوسمانی بە شێوەیەک لە شێوەکان، لە تۆمارە فەرمییەکانی دەوڵەتدا تۆمارکراوە، لەبەر ئەم هۆکارە نووسراو و بەڵگەنامەکانی ئەم دەوڵەتە بە یەکێک لە گرنگترین تۆمار و بەڵگەنامە مێژووییەکانی ناوچەکە و هەموو جیهان دادەنرێن، بەڵگەنامەکان بە تێکڕای جۆرەکانیەوە چەندین ڕووداو و بابەتی مێژووی نادیاریان تۆمارکردووە، هەندێک لەو تۆمارنامانە، لە دووتوێی دەفتەرنامەکاندا یاداشتکراون، هەر یەکێک لەم دەفتەرنامانەش بۆ کاروبار و بابەتێکی فەرمیی دەوڵەت تەرخانکراوە و بەشێکی سەرەکییان لە ئەرشیفی عوسمانی پێکهێناوە، جۆری دەفتەرنامەکان گەلێک زۆرن، زیاد لە سەد جۆر دەفتەرنامە لە فەرمانگەی ئەرشیفی عوسمانیدا هەیە ( Başkanlık Osmanlı Arşivi Rehberi, 2017, s. 19 – 158)، لەبەر ئەوە ناکرێت باسی هەموو جۆرەکانیان بکرێت.

ئەم جۆرە دەفتەرنامەیەی کە لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە، تایبەتە بە پێکهاتەی کەمە ئایینییەکانی دەوڵەتی عوسمانی، لە بەرامبەر پاراستنی گیان و پیادەکردنی ئازادی سروتە ئایینییەکانی خۆیاندا بڕە پارەیەکیان لێ

وەرگیراوە، ئەم بڕە پارەیەش لە دەفتەرنامەیەکدا بە ناونیشانی (دەفتەرەکانی ژمێریاری جزیە / Cizye Muhasebe Defterleri)دا تۆمارکراوە. دەوڵەتی عوسمانی هەر ناوچەیەکی گرتبایە حوکمڕانی خۆی تێدا دەچەسپاند، بابەتی جزیە وەرگرتنیش یەکێکبووە لە بنەما گرنگەکانی دەوڵەت و بەبێ هیچ کەموکوڕییەک دەبوو جێبەجێ بکرابایە، بۆیە هەموو خێزانێکی ناموسڵمان، ئەوانەی کە توانای کارکردنیان هەبووە و باری داراییان باشبووە، دەبوو بڕە پارەیەکی دیاریکراو بدەنە دەوڵەت، ئەم بڕە پارەیەی کە لێیان وەرگیراوە لە بەرانبەر پاراستنی ماڵ و موڵک، شەڕەف و ژیان و بەشدارینەکردنیان لە هیچ جۆرە جەنگ و کارێکی سەربازیدا بووە، هەر کەسێک گەیشتبوایە تەمەنی یاسایی و پێگەیشتنی هەرزەکاری، دەبوو ئەو بڕە پارەیە بە دەوڵەت بدات، ئەو بڕە پارەیە، بە پێی بنەما شەرعییەکانی ئاینی ئیسلام و بە گوێرەی یاسا بەرکارەکانی دەوڵەتی عوسمانی ڕێکخستنی بۆ کراوە، لە هەموو ئەو کەسانە وەرگیراوە، کە موسڵمان نەدەبوون و لەسەر ئاینی خۆیان دەمانەوە. ئەو بڕە پارەیەی کە لە کەمە ئاینییەکان وەردەگیرا پێی دەگوترا (جزیە) ( İnalcık, 2018, s. 63 – 72 ; Başkanlık Osmanlı Arşivi Rehberi, 2017, s. 103 – 104).

یاسای باج و جزیە وەرگرتن، بە هەمان شێوەی سەردەمی پێغەمبەر (د. خ) و خەلافەتی ئیسلامی هەر لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عوسمانییەوە پەیڕەوکراوە، وەک بنەمایەکی ئاینی و یاسای بەرکار جێبەجێکراوە، بە گوێرەی مەرج و بنەماکانی جزیە وەرگرتن، تەنها لە کەسانی ژیر و ڕەگەزی نێر وەرگیراوە، واتە هەرکەسێک عاقل بوایە و تەمەنیشی گەیشتبوایە ئاستی پێگەیشتن، بە گوێرەی ئاستی داهات و بژێویی ڕۆژانەکەی جزیەکەی لێوەرگیراوە. (Kazıcı, 2019, s. 124 ؛ عوض، ٢٠٠٩، ص٢٨ – ٥٦ ؛ دفع الجزيه وما هى الجزيه.....، www.arabpage.net ١٤/ ١/ ٢٠٢٢). هەرچەندە جزیە

وەرگرتن تایبەت بووە بە ئاینی ئیسلام و لە کەسە ناموسڵمانەکان وەرگیراوە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت، مێژووی ئەم شێوە باجە یاخود پارە وەرگرتنە بەر لە هاتنی ئاینی ئیسلامیش هەبووە، بۆ نموونە لە ژێر ناو و شێوەی جیاواز لەسەردەمی ڕۆمان و ساسانەکانیشدا هەبووە، ئەو کەسانەی کە بیروباوەڕ یاخود هاوباوەڕی ئاینی دەوڵەت نەبوونە بە شێوەی جیاواز و ناوی تایبەت باجیان لێوەرگیراوە ( Kocaoğlu, 2016, s. 155 – 159 ; عبدالعزیز، تاریخ الجزیة و مقدارها، ٢٠٢٢).

## ٣. ٢. پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی جووەکانی باڵەکایەتی لە ژێر ڕۆشنایی دەفتەرنامەیەکی دەوڵەتی عوسمانیدا

جووەکانی دەڤەری باڵەکایەتی بە هەمان شێوەی ناوچەکانی دیکەی دەوڵەتی عوسمانی، وەک پێکهاتەیەکی کەمە ئاینی مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە، لە سەرژمێری و دەفتەرنامەیەکی تایبەت بە جزیە وەرگرتندا ناوەکانیان تۆمارکراوە و بڕی جزیەی دیاریکراویان لێوەرگیراوە، ئەم دەفتەرنامەیە چەند زانیارییەکی ورد و تایبەتی لەسەر پێکهاتەی ئاینیی کرستیان و جووەکانی لیوای ڕواندز تۆمارکردووە. ئەو کەسانەی کە تەمەنیان گەیشتۆتە ئاستی یاسایی جزیە وەرگرتن، ناو، سیمای دەم و چاو، تەمەن، بەرزی و نزمیی باڵایان نووسراوە. مێژووی ئەم دەفتەرنامەیە بۆ ساڵی (١٢٧٠ کۆچی) و (١٨٥٤ زاینی) دەگەڕێتەوە، ناوەڕۆکی دەفتەرنامەکە تەنها حەڤدە لاپەڕەیە، هیچ ژمارەیەکی بە ڕێنووسی عوسمانی لەسەر نەنووسراوە، دەفتەرنامەکە لە لایەن فەرمانگەی ئەرشیفی عوسمانی پۆلێنکراوە، وێڕای ژمارەبەندی، چەند لاپەڕەیەکی زانیاریی تایبەت بە دەفتەرنامەکە، بە زمانی تورکی لاتینی بۆ زیادکراوە، بەمەش ژمارەی لاپەڕەکانی ئەم دەفتەرنامەیە گەیشتۆتە بیست لاپەڕە.

به شێوەیەکی گشتی لاپەڕەکانی ئەم دەفتەرنامەیە تایبەتن به پێکهاتەی کەمە ئاینییەکانی لیوای ڕواندز، لیوای ڕواندز ئەو کاتە سەر بە ئەیالەتی شارەزوور بووە، هەر گوندێکی لیوای ڕواندز، کرستیان و جووی تێدا ژیابووبێت لە دەفتەرنامەکەدا تۆمارکراوە. لە ژێرەوەی ناوی تایبەتی کەس و گوندەکاندا بڕی پارەی وەرگیراو بە شێوەی ژمارە نووسراوە، لە تەنیشت نووسینی بڕی پارەکە، بە شێوەی نووسینیش وەک: (بەرزترین، ناوەند، کەمترین) بڕی پارەکە دیاریکراوە، لە کۆتا لاپەڕە و ژێرەوەی دەفتەرنامەکەشدا تەواوی پارەکە کۆکراوەتەوە، هەروەها لە هەمان کۆتا لاپەڕەدا بە یازدە دێڕی نووسین ڕوونکردنەوە و کورتە باسێک، سەبارەت بە چۆنیەتیی کارەکە و شێوازی کۆکردنەوەی جزیە خراوەتەڕوو، ژمارەی هەموو ئەو کەسانەیان نووسراوە کە بە هۆکاری جیاواز پارەی کەمیان لێوەرگیراوە، لەو بارەیەوە ڕوونکردنەوەیان لەسەر نووسیوە. بۆ ڕاستاندن و بە فەرمی ناساندنی تۆماری دەفتەرنامەکەش، مۆر و واژۆی دوازدە کەسی لایەنی بەرپرس یاخود پەیوەستدار بە کۆکردنەوەی جزیەی تێدا نووسراوە، دە کەسیان ئەندامی دەستەکەن و دوو کەسیشیان بە شێوەی داواکار نووسراوەکەیان واژۆ کردووە. وەک ئەوەی لە پێشەوە ئاماژەی بۆ کرا، بە هۆی ئاڵۆزیی شێوازی نووسینەکە، هیچ یەکێک لە ناو و واژۆی مۆرەکان بە ڕوونی دەرنەکەوتوون، لەبەر ئەوە نەتوانرا بخوێندرێنەوە. Osmanlı Arşivi (Boa), Kamil Kepeci, Cizye Muhasebe Kalami, Ciziye Muhasebe Kalemi, Kk.D No. 3906, Özel No. 107). ئەوەی لەم دەفتەرنامەیەدا تێبینی دەکرێ چەند لایەنێکی تایبەتە بە پێکهاتەی جووەکان. یەکێک لەو بابەتانە کە سەرنجی توێژەری جەزبەندە کرد، هاتنی جووەکانە بۆ ناوچەیەکی دوورە دەستی وەک باڵەکایەتی، ئەم نیشتەجێبوونەی جووەکان دەکرێ بۆ چەند هۆکار و پاڵنەرێک بگەڕێندرێتەوە، یەکێک لەو هۆکار و پاڵنەرانە بۆ هەڵکەوتەی جوگرافی و لەباربوونی ژینگەی ژیانی باڵەک دەگەڕێتەوە، باڵەک یاخود باڵەکایەتی، وێڕای ئەوەی ناوچەیەکی

فراوان و سروشتی دڵڕفێن بووە، ناوچەیەکی دوورەدەستیش بووە لە دەسەڵاتی ناوەندیی دەوڵەتی عوسمانی، ئەم دوو هۆکارە جۆرە ئارامییەکی بۆ جووەکان دروستکردووە، وایکردووە زۆرترین ڕێژەی جووەکان لە دەڤەری باڵەکایەتی سەر بە لیوای ڕواندز نیشتەجێببن. خاڵێکی دیکە کە لە دەفتەرنامەکەدا تێبینی دەکرێ، ناحیەی باڵەک جیاواز لە ناحیە و گوندەکانی دیکەی سەر بە لیوای ڕواندز، هیچ کرستیانێکی تێدا نەبووە، ئەمەش بەڵگەی ئەوە دەسەلمێنێ کە ناوچەکە، ناوچەیەکی کرستیاننشین نەبووە، جگە لە خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە و کەمە ئاینیی جووەکان، هیچ پێکهاتەیەکی دیکەی تێدا نەژیاون.

هەروەکو لە پێشەوە ئاماژەی بۆکرا، جووەکانی باڵەکایەتی بە شێوەی کۆمەڵەی بچووک بچووکی جیاواز بەسەر گوند و ناوچەکانی باڵەکایەتیدا دابەشبوونە، لە چوارچێوەی ئەم دابەشبوونەیاندا زۆرترینیان لە گوندە دیار و مەزنەکانی وەک گوندی ڕوست نیشتەجێبوونە. جووەکانی باڵەکایەتی، جگە لە تێکەڵاوبوونی ژیانی ڕۆژانەیان هیچ شتێکیان لە دابونەریتی ناوچەکە نەچووە، بۆنە و دابونەریتی تایبەت بە خۆیان هەبووە (سالح، ٢٠١٨، ل٦٥ – ٧٧). لەو بارەیەوە نووسەرێک ئاماژەی بە کوردە جووەکان کردووە (سالح، ٢٠١٨، ل٦١)، ئەم دەربڕینە لە ڕووی واتایی بابەتی بوون و تایبەتمەندی مێژووی جووەکانەوە بە هەڵە دادەنرێت، جووەکان وەک پێکهاتە و کەمە ئاینی ناوچەکە، لە ڕێگەی دەست پێوەگرتن و پاراستنی دابونەریت و کلتووریەوە، خۆیان لە ئاوێتەبوون و توانەوەی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیی کوردەکان پاراستووە، تەنانەت ئەو منداڵانەی کە لەو ناوچەیەش لەدایکبوونە، ناوی تایبەتی خۆیانیان لێناون و لە ناوی خەڵکی ناوچەکە جیاواز بووە، بۆ وێنە: ژمارەیەک لەو جووانەی کە ناویان لە دەفتەرنامەکەدا هاتووە، نزیکەی سەدەیەک لە دوای نووسینی دەفتەرنامەکە، هەمان شێوەی ناوەکان، لە ناو جووەکانی گوندی ڕوستدا دووبارە بوونەتەوە، بۆ وێنە هەندێک لەم

ناوانە: (دانیال، لاسۆک، داودۆک، شاول، مالمۆک)، (ڕوستی، ٢٠٠٧، ل٣٧). بە مەبەستی بەراوردکردن تەماشای لیستی ناوەکانی پاشکۆی ئەم توێژینەوەیە بکە. وێکچوون و هاوشێوەبوونی ئەم ناوانە بەڵگەی ئەوە دەسەلمێنێت کە پێکهاتەی جووەکان، پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیی داخراو و پارێزگار بوونە، جگە لە تێکەڵاویی ڕۆژانە و کاری پیشەگەری و کڕین و فرۆشتن، شێوەی ژیان و تایبەتمەندیی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکەی خۆیان پاراستووە و نەکەوتونەتە ژێر کاریگەریی دابونەریتی کۆمەڵایەتیی ئەو خەڵکانەی کە لەگەڵیاندا ژیاون. سەبارەت بە ژمارەی جووەکانی دەڤەری باڵەکایەتی کە ناویان لە دەفتەرنامەکەدا هاتووە، ژمارەیان (١٥٥) کەسە، تۆمارکردنی ئەم ناوانە بەو مانایە نایەت کە ژمارەیان تەنها ئەوەندە بووبێت، دەکرێ زۆر لەوە زیاتر بووبێت، وەک ئەوەی لە پێشەوە ئاماژەی بۆ کراوە، بە پێی بنەماکانی یاسای جزیە وەرگرتن، جزیە تەنها لەو کەسانە وەرگیراوە کە ڕەگەزی نێر و تەمەنێکی پێگەیشتوویان هەیە، لەبەر ئەوە تەنها ناوی ئەو کەسانە تۆمارکراوە کە جزیەیان بە دەوڵەت داوە. هەر بەم هۆیەشەوە ناوی هیچ مێینە و منداڵێک لە دەفتەرنامەکەدا تۆمارنەکراوە، ئەمەش ئەوە پشتڕاستدەکاتەوە کە وەرگرتنی جزیە کارێکی هەڕەمەکی نەبووە و بە گوێرەی یاسا بەرکارەکانی ئاینی و دەوڵەتی عوسمانی بووە، جگە لە ڕەگەزی نێر هیچ بڕە پارەیەکی جزیە لە ڕەگەزی مێ و تەمەنی خوار پازدەساڵی وەرنەگیراوە. بەم شێوەیە پاڵپشت بەم لیستە ناوەی کە لە دەفتەرنامەکەدا هاتووە، دەکرێ بگوترێت ژمارەی جووەکان زۆر لەوە زیاتر بووە، پێدەچێت ژمارەی ئەندامی خێزانە جووەکانی باڵەکایەتی نزیکەی پێنج سەت کەسێک بووبێت. سەرنجێکی دیکەی مێژوویی سەبارەت بە تەمەنی جووەکانە، لەو ژمارەیاندا (١٢٦) کەس تەمەنیان لە نێوان (١٥ – ٤٥) ساڵیدایە، لەبەر ئەوە دەکرێ بگوترێ جووەکان پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی گەنجیان لە دەڤەری باڵەکایەتی پێکهێناوە، هەر بۆیە کۆمەڵە و پێکهاتەیەکی کارای پیشەگەری و بازرگانی بوونە، لەو بارەیەوە زۆربەی پیشە دەستی و بازرگانییەکانیان

کۆنترۆڵکردووە. خاڵێکی دیکە لەسەر پێکهاتەی جەستەیی جووەکانی باڵەکایەتی، بەژن و باڵایە، وەک ئەوەی لە دەفتەرنامەکەدا تۆمارکراوە، لە کۆی (١٥٥) کەسیان، (١٣٠) کەسیان باڵایەکی مامناوەندیان هەبووە، (٧) کەسیان باڵایان درێژ بووە و (١٨) کەسیشیان کورتەباڵا بوونە.

لەم تێڕامان و لێوردبوونەوەیەدا دەکرێ بگوترێ جووەکان زیاتر باڵایەکی مامناوەند و کورتەباڵایان هەبووە و باڵابەرزیان بە ئاستی نەبوو تەماشا دەکرێن. هەر لە دەفتەرنامەکەدا شێوەی ڕەنگ و ڕوخساری جووەکان دیاریکراوە، دوای لێوردبوونەوە و سەرنجدان، لە کۆی (١٥٥) کەسیان، (٥٩) کەسیان ڕەنگی ڕیشیان ڕەش بووە، (٣٨) کەسیان ڕیشیان نەهاتووە و گەنج بوونە، (٢١) کەسیان ڕەنگی ڕیشیان سپی بووە و بەتەمەنداچوونە، هەروەها (١٧) کەسیشیان کۆسە بوونە و هیچ موویەکیان لێ نەهاتووە، ئەوانی دیکەشیان کە ژمارەیان (٢٠) کەس بووە، بە شێوەیەکی جیاواز ڕەنگی ڕیشیان لە ڕەنگەکانی سوور، زەرد و ڕەنگ بۆز پێکهاتووە.

**لە چوارچێوەی کاری ئەم توێژینەوەیەدا، ئەم چەند ئەنجامانەی خوارەوە بە دەستهاتوون:**

١. مێژووی هاتنی جووەکانی باڵەکایەتی پەیوەستە بە مێژووی هاتنیان بۆ عێراق، دوای هاتنیان بۆ عێراق بەشێکیان کۆچیان بۆ ناوچەی باڵەکایەتی کردووە و لە چەند شوێنێکی جیاوازی ناوچەکە نیشتەجێبوونە.

٢. ناوچەی باڵەکایەتی وەک ناوچەیەکی بەرفراوان و گونجاوی سروشت و ژینگەکەی، جێی ئارامیی جووەکان بووە، بۆیە بە

شێوەیەکی بەربڵاو لە زۆربەی گوندەکانی ناحیەی باڵەکایەتی نیشتەجێبوونە، لە دیارترینیان گوندەکانی: (وەڵزە، مێرگە، ڕوست، گەلاڵە، شێخان، ناوەندە و مەمی خەلان) بوونە.

٣. پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ژیانی جووەکان، پێکهاتەیەکی پارێزگار بووە، جگە لە فێربوونی زمان، خۆیان لە وەرگرتن و تێکەڵاوبوونی کلتووری ناوچەکە پاراستووە، هەروەها بژێویی ژیانی ڕۆژانەشیان پەیوەست بووە بە کاری پیشەی دەستی و کڕین و فرۆشتنی پێداویستییەکانی ڕۆژانە.

٤. جووەکانی باڵەکایەتی هاوشێوەی جووەکانی دیکەی دەوڵەتی عوسمانی، بە پێدانی جزیە پابەند بوونە، بە هەمان یاسا و ڕێسای دەوڵەت جزیەیان بە گەنجینەی دەوڵەت داوە.

٥. ژمارەی ئەو جووانەی کە لە دەڤەری باڵەکایەتی جزیەیان داوە (١٥٥) کەس بووە، لەو ژمارەیاندا (١٢٦) کەسیان تەمەنیان لە نێوان (١٥ – ٤٥) ساڵیدا بووە، لەبەر ئەوە دەکرێ بگوترێ جووەکان پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیی گەنجیان لە دەڤەری باڵەکایەتی پێکهێناوە.

٦. پێکهاتەی جەستەیی جووەکانی باڵەکایەتی، پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی زۆرینە باڵا مامناوەند و ڕیش ڕەش بوونە، ژمارەیەکی زۆر کەم لە باڵابەرز و ڕەنگی زەرد و سووری ڕیشیان تێدابووە.

## پەراوێزەکان:

١. بەهۆی ئەوەی ناوی گوندەکانی پارێزگای هەولێر بە شێوەی ڕیزبەندی پیتی ئەلف و با نووسراوە، لەبەر ئەوە نەتوانرا ژمارەی لاپەڕەی سەرچاوەکە دیاریبکرێت. بۆ زانیاریی زیاتر و بینینی ناوی گوندەکان بڕوانە: عەبدوڵا غەفور، فەرهەنگی جوگرافیای هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٥.

٢. بۆ زانیاریی زیاتری زیاتر بڕوانە: د. جەلیل جەلیلی، کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، وەرگێڕانی: د. کاوس قەفتان، بەغداد، ١٩٨٧، ل١٣٨ ؛ سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی، کۆکردنەوە و چاپکردنی دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٧، بەرگی دووەم، ل٣٠ – ٣١ ؛ جەمال نەبەزیش ئەم زانیارییانەی دووپاتکردۆتەوە، وەک بڵێی لە حوسێن حوزنی و جەلیل جەلیلی وەرگرتبێت. جمال نەبەز، الامیر الکردی میر محمد پاشا الرواندزی، الترجمة: فخری سلاحشور، الطبعە الثانیة، اربیل، ٢٠٠٣، ص٨٩ .

٣. تێکڕای ئەم گوندانە کەوتوونەتە سنووری کارگێڕی دەڤەری باڵەکایەتی نزیکەی ١٧٠ گوندێکە، هەرچەندە یەکەی کارگێڕیی گوندەکان جیاوازە، بەڵام هەموویان لە چوارچێوەی کارگێڕیی چەند ناحیەیەکدا، سەر بە قەزای چۆمانن، قەزای چۆمانیش سەر بە یەکەی سەربەخۆی کارگێڕیی سۆران و پارێزگای هەولێرە. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر گوندەکان بڕوانە: عەبدوڵا غەفور، سەرچاوەی پێشوو.

**لیستی سەرچاوەکان:**

**یەکەم: بەڵگەنامەی بڵاونەکراوە.**

- Osmanlı Arşivi (Boa), Kamil Kepeci, Cizye Muhasebe Kalami, Ciziye Muhasebe Kalemi, Kk.d No. 3906, Özel No. 107

**دووەم: کتێبەکان.**

**بە زمانی کوردی:**

- بێیری ئۆرا شۆرتس (٢٠١٣)، جووەکانی کوردستان ژیانی ڕۆژانە، داوونەریت، هونەر و پیشە، وەرگێڕانی: گۆران سەباح، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

- جەلیلی جەلیل (١٩٨٧)، کوردەکانی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی، وەرگێڕانی: د. کاوس قەفتان، بەغداد.

- ڕوستی نادر (٢٠٠٧)، گوندی کوردیی و گۆڕان لە پیشەدا گوندی ڕوست وەک نموونە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

- سالح محمد سالح (٢٠١٨)، ڕواندز مێژوو بیرەوەرییەکان، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵگەی فەرهەنگی ئەحمەدی خانی.

- سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی (٢٠٠٧)، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، کۆکردنەوە و چاپکردنی دەزگای ئاراس، هەولێر.

- شاخەوان گۆران (٢٠١٥)، چەپکێک لە زمان و فەرهەنگی باڵەکایەتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

- غەفور عەبدوڵا (٢٠١٥)، فەرهەنگی جوگرافیای هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

- هەرشەمی شاسوار (٢٠١٨)، مێژووی ئارامییەکان لە کوردستاندا حەرانی، جوو، سریانی، ئاسووریی، کلدانی، چاپخانەی تاران.

- یوسف کوریە یەعقوب (٢٠١٣)، جولەکەکانی عێراق، وەرگێڕانی: شەرمین عەبدوڵڵا ڕواندزی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

- **بە زمانی عەرەبی:**

- الحسني عبدالرزاق (١٩٣٠)، موجز تاريخ البلدان العراقية، طبعة ٢، مطبعة العرفان، سوريا.

- الربيعى نبيل (٢٠١٧)، تاريخ يهود العراق (٨٥٩ ق. م – ١٩٧٣ م)، الطبعة الاولى، دار الفرات، لبنان.

- عوض عثمان صبرى عثمان (٢٠٠٩)، الجزيه فى عهد الرسول، رسالة ماجستير، جامعة النجاح الوطنية، فلسطين.

- سوسة احمد (دكتور) (٢٠٠١)، ملامح من التاريخ القديم لتاريخ اليهود، مؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت.

- نەبەز جمال (٢٠٠٣)، الامير الكردى مير محمد پاشا الرواندزى، الترجمه: فخرى سلاحشور، الطبعة الثانية، اربيل.

- مرعی فرست (٢٠٠٨)، دراسات فی تاريخ اليهوديه والمسيحية فی كوردستان، الطبعة الاولی، من منشورات اراس،.

**به زمانی توركی:**

- Başbakanlık Osmanlı Arşivi Rehberi (2017), Başbakanlık Devlet Arşivleri Genel Müdürlüğü, İstanbul.
- İnalcık Halil (2018), Osmanlı İdare ve Ekonomi Tarihi, 3. Baskı, Türkiye Diyanet Vakfı.
- Karadeniz Yılmaz (2013), Kacarlar Döneminde İran (1795 – 1925): İdari, Askeri, Sosyal Yapı Ve Toplumsal Hareketler, İstanbul, Selenge Yayınları.
- Kazıcı Ziya (2019), Osmanlı'da Vergi Sistemi, Kayhan yayınları, İstanbul.
- Sezen Tahir (2006), Osmanli Yer Adlari (Alfabetik Sırayla), Ankara.

**سێیەم: گۆڤارەکان:**

**به زمانی عەرەبی:**

- نايف فائزة عبدالامير، يهود العراق وأماكن استيطانهم، جامعة بغداد، مجلة كلية الاداب، العدد (١٠١).

**به زمانی کوردی:**

- پیربالْ سازان سەباح(٢٠٢١)، پیشەی جۆلایی لای جووەکانی کوردستان، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٤٧)، هەولێر.

**به زمانی تورکی:**

- Kocaoğlu Burak (2016), Osmanli'da Cizye Vergisi Ve İtfaiye Çalişmalari, Igd Univ Jour Soc Sci Sayi: 10, Ekim, October.

**چوارەم: پێگەی ئەلیکترونی ئینتەرنێت:**

- دفع الجزيه وما هى الجزيه وكم تدفع الجزيه وتعريفها فى الاسلام، فى الموقع الكترونى: www.arabpage.net ١٤/ ١/ ٢٠٢٢.

- عبدالعزيز عمر (دكتور)، تاريخ الجزية و مقدارها، فى الموقع الكترونى: www.alukah.net ١٤/ ١/ ٢٠٢٢.

- مەلا هەڤاڵ، جولەکەکانی ڕواندز و باڵەکایەتی، لە پێگەی ئەلیکترونی: http://www.knwe.org لە ١١/ ٨/ ٢٠٢١.

**پاشکۆی ناوی جووەکان**

جووەکانی گوندی خۆشکان

| | ناو | پێکهاتەی جەستەیی | | تەمەن |
|---|---|---|---|---|
| | | باڵا | سیمای دەم و چاو | |
| ١. | ناتان مینوس | مامناوەند | ڕیش سوور | ٢١ |
| ٢. | فرایم ئاقوب | مامناوەند | ڕیش ڕەش | ٤١ |
| ٣. | یوسف خنسی | مامناوەند | ڕیش سپی | ٥١ |
| ٤. | حیم سینون | مامناوەند | ڕیش ڕەش | ٢٦ |
| ٥. | عدومی سومیل | مامناوەند | ڕیش نەهاتوو | ٢١ |
| ٦. | مالموی موسای | مامناوەند | ڕیش ڕەش | ٢١ |
| ٧. | ئیسقیل مخ | کورتە باڵا | ڕیش ڕەش | ٢١ |
| ٨. | مالم ئیسقیل یوبل | مامناوەند | ڕیش نەهاتوو | ٢١ |
| ٩. | یوبل ماقو | مامناوەند | ڕیش سپی | ٦٦ |
| ١٠. | حیم مالم ئیسقیل | مامناوەند | ڕیش ڕەش | ٤١ |
| ١١. | ئیلیاق مالموی | مامناوەند | ڕیش زەرد | ٢٦ |
| ١٢. | حودی مالموی | مامناوەند | ڕیش ڕەش | ٢٦ |
| ١٣. | مالم میخائیل = | مامناوەند | ڕیش ڕەش | ٢٦ |
| ١٤. | مالم دانیل = | مامناوەند | ڕیش ڕەش | ٢٥ |
| ١٥. | سادی سونبل | مامناوەند | ڕیش ڕەش | ٣١ |
| ١٦. | شلوم = | مامناوەند | ڕیش نەهاتوو | ١٧ |
| ١٧. | === | مامـ ناوەند | ڕیش سپی | ٦ ١ |
| ١٨. | مخ ئیسقیل | مامـ ناوەند | ڕیش سپی | ٦ ٦ |

| جووەكانی گوندی دەرگەڵە | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | ناو | پێكهاتەی جەستەیی | | تەمەن |
| | | باڵا | سیمای دەم و چاو | |
| ١. | =جندی | مامناوەند | ڕیش سپی | ٦٦ |
| ٢. | = = | مامناوەند | ڕیش ڕەش | ٢١ |
| ٣. | برایموک سبتا | مامناوەند | كۆسە | ٢٦ |
| ٤. | میكائیل برایموک | مامناوەند | ڕیش نەهاتوو | ١٧ |
| ٥. | سلمانوف شیت | مامناوەند | ڕیش نەهاتوو | ٢٦ |
| ٦. | پنیاس برایموک | كورتە باڵا | ڕیش سپی | ٥٦ |
| ٧. | ئاخام داودوک | كورتە باڵا | ڕیش ڕەش | ٣١ |
| ٨. | ماخون ئاخام | درێژ | ڕیش نەهاتوو | ٢١ |
| ٩. | داودوک ئاخام | درێژ | ڕیش نەهاتوو | ١٧ |
| ١٠. | ئەرزون لاسون | درێژ | كۆسە | ٥١ |
| ١١. | میكائیل ئیلیا | مامناوەند | ڕیش نەهاتوو | ١٦ |
| ١٢. | حیمون وسون | مامناوەند | كۆسە | ٢٩ |
| ١٣. | شمعون میكائیل | مامناوەند | ڕیش ڕەش | ٢٦ |
| ١٤. | بنیامین موشن | مامناوەند | ڕیش سپی | ٦٦ |
| ١٥. | جندی لیوی | كورتە باڵا | ڕیش نەهاتوو | ١٦ |
| ١٦. | ماموک ئەرزون | مامناوەند | ڕیش نەهاتوو | ١٧ |

جووەکانی گوندی ناوەندە

| | ناو | پێکهاتەی جەستەیی | | تەمەن |
|---|---|---|---|---|
| | | باڵا | سیمای دەم و چاو | |
| ١. | بنیامین زلکون | مامناوەند | ڕیش ڕەش | ٤١ |
| ٢. | معلم خدروک شمعون | کورتە باڵا | ڕیش سپی | ٥٢ |
| ٣. | جمیل وسون | مامناوەند | ڕیش سپی | ٦٣ |
| ٤. | معلم فیزی قدنی | مامناوەند | ڕیش سپی | ٥٣ |
| ٥. | دانیال خدرک | مامناوەند | ڕیش نەهاتوو | ١٧ |
| ٦. | هارون خدرک | مامناوەند | ڕیش نەهاتوو | ٢٦ |
| ٧. | نسیم خدروک | مامناوەند | ڕیش نەهاتوو | ٢١ |
| ٨. | موشن وسون | مامناوەند | ڕیش ڕەش | ٢٦ |
| ٩. | شمشونە معلم فیزی | مامناوەند | ڕیش ڕەش | ٣٢ |
| ١٠. | دانیال ئاقدن | مامناوەند | ڕیش ڕەش | ٢٦ |
| ١١. | شحالە داودوک | مامناوەند | ڕیش ڕەش | ٣٢ |
| ١٢. | موشن دادوک | مامناوەند | ڕیش ڕەش | ٢٥ |
| ١٣. | معلم چاوش= | درێژ | ڕیش سپی | ٥٣ |
| ١٤. | لاسون معلم چاوش | مامناوەند | ڕیش نەهاتوو | ٢١ |
| ١٥. | دیمر دانیال برایم | مامناوەند | ڕیش نەهاتوو | ٢١ |
| ١٦. | معلم ئیلیاف= | مامناوەند | ڕیش نەهاتوو | ٢٦ |
| ١٧. | شمعون ئیلیاف | مامناوەند | ڕیش نەهاتوو | ٢١ |
| ١٨. | پیرکە موشن | مامناوەند | ڕیش نەهاتوو | ٢١ |
| ١٩. | =معلم زور | مامناوەند | ڕیش ڕەش | ٢٩ |
| ٢٠. | خانون= | مامناوەند | ڕیش سپی | ٥٢ |
| ٢١. | ئاقوب معلم فیزی | مامناوەند | ڕیش ڕەش | ٢٦ |
| ٢٢. | =خالون | مامناوەند | ڕیش ڕەش | ٢٨ |
| ٢٣. | شبتا خالون | مامناوەند | ڕیش ڕەش | ٢٦ |

| جووەکانی گوندی گەڵاڵە | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | ناو | پێکهاتەی جەستەیی | | تەمەن |
| | | باڵا | سیمای دەم و چاو | |
| .١ | عمران برایموک | مامناوەند | ڕیش سپی | ٥٢ |
| .٢ | پنیاس ئیسحاق | مامناوەند | ڕیش ڕەش | ٢٦ |
| .٣ | معلم دسون عمران | مامناوەند | ڕیش ڕەش | ٢٨ |
| .٤ | بونیدار داهود | مامناوەند | ڕیش ڕەش | ٣٣ |
| .٥ | حنوکه برایم | مامناوەند | ڕیش ڕەش | ٣٣ |
| .٦ | ئاقونه خدروک | مامناوەند | ڕیش نەهاتوو | ٢٣ |
| .٧ | کوجه برایم | مامناوەند | ڕیش ڕەش | ٢٣ |
| .٨ | موش برایم | کورته باڵا | ڕیش ڕەش | ٣٥ |
| .٩ | سنرون کرم | کورته باڵا | ڕیش سوور | ٢٦ |
| .١٠ | =کاکل | مامناوەند | ڕیش سپی | ٥٣ |
| .١١ | برایموک شمعون | مامناوەند | ڕیش ڕەش | ٢٦ |
| .١٢ | مەلکون برایموک | درێژ | ڕیش سپی | ٦١ |
| .١٣ | بنیامین ئیلیا | مامناوەند | کۆسه | ٣٣ |
| .١٤ | یوسف عمران | مامناوەند | کۆسه | ٢٦ |
| .١٥ | ئیلیامه پنیاس | مامناوەند | ڕیش ڕەش | ٣٥ |
| .١٦ | معلم ئیلیامه رانه | مامناوەند | ڕیش سپی | ٥٣ |
| .١٧ | شیون ئیسحاق | مامناوەند | ڕیش ڕەش | ٣٣ |
| .١٨ | زانا شاول | مامناوەند | ڕیش نەهاتوو | ٢١ |
| .١٩ | کاکوک شاول | مامناوەند | ڕیش نەهاتوو | ١٦ |
| .٢٠ | هارون خوس | مامناوەند | ڕیش نەهاتوو | ١٦ |

جووەکانی گوندی وەڵزە

| | ناو | پێکهاتەی جەستەیی | | تەمەن |
|---|---|---|---|---|
| | | باڵا | سیمای دەم و چاو | |
| ١. | عمران موسا | مامناوەند | ڕیش ڕەش | ٢٦ |
| ٢. | معلم زان = | مامناوەند | ڕیش ڕەش | ٢٨ |
| ٣. | ئسقیل = | مامناوەند | ڕیش سپی | ٥٣ |
| ٤. | وسون ئوسون | مامناوەند | ڕیش ڕەش | ٢٨ |
| ٥. | سبتی عمران | مامناوەند | ڕیش ڕەش | ٣٣ |
| ٦. | دانیال خدرسن | مامناوەند | تازە سمێڵ هاتوو | ٢٦ |
| ٧. | داول خدروک | مامناوەند | ڕیش سوور | ٣١ |
| ٨. | موسای لاس | مامناوەند | ڕیش سپی | ٥٢ |
| ٩. | هارون موشی | مامناوەند | ڕیش نەهاتوو | ١٩ |
| ١٠. | پنوک پنوک | مام ناوەند | تازە سمێڵ هاتوو | ٢٦ |

## جووەکانی گوندی شێخان

| | ناو | پێکهاتەی جەستەیی | | تەمەن |
|---|---|---|---|---|
| | | بالاّ | سیمای دەم و چاو | |
| ١. | داودۆک یهود | مامناوەند | تازە سمێڵ هاتوو | ٢٦ |
| ٢. | خدروک شاول | مامناوەند | ڕیش نەهاتوو | ١٧ |
| ٣. | برایموک وسوک | مامناوەند | ڕیش ڕەش | ٢٦ |
| ٤. | برایموک متی | مامناوەند | ڕیش ڕەش | ٢٣ |
| ٥. | زخری متی | مامناوەند | ڕیش ڕەش | ٢٨ |
| ٦. | موسا یهود | مامناوەند | ڕیش ڕەش | ٣٦ |
| ٧. | ارحمە موسا | مامناوەند | ڕیش سوور | ٢٦ |
| ٨. | ئافدن برنیا | مامناوەند | ڕیش ڕەش | ٣٥ |
| ٩. | زانە جوجی | مامناوەند | کۆسە | ٦١ |
| ١٠. | برهیوین برین | مامناوەند | ڕیش سوور | ٢٦ |
| ١١. | برین ئامون | مامناوەند | ڕیش نەهاتوو | ١٩ |
| ١٢. | معلم ئیشو برایم | مامناوەند | ڕیش سپی | ٦٣ |
| ١٣. | وسون داود | مامناوەند | کۆسە | ٣٣ |

جووەکانی گوندی مێرگە

| | ناو | پێکهاتەی جەستەیی | | تەمەن |
|---|---|---|---|---|
| | | باڵا | سیمای دەم و چاو | |
| ١. | معلم پنیاس معلم | مامناوەند | ڕیش زەرد | ٢٢ |
| ٢. | ئلیاق لیوی | مامناوەند | ڕیش ڕەش | ٢٢ |
| ٣. | خدروک ئیسحاق | مامناوەند | ڕیش بۆز | ٦٢ |
| ٤. | سینوک یهود | مامناوەند | ڕیش سوور | ٢٨ |
| ٥. | مالوک ماسون | مامناوەند | ڕیش ڕەش | ٢٦ |
| ٦. | موعە معلم | مامناوەند | ڕیش ڕەش | ٢٥ |
| ٧. | لاسوک برایم | باڵا درێژ | ڕیش سپی | ٥٢ |
| ٨. | لاسون معلم | باڵا درێژ | ڕیش ڕەش | ٢٨ |
| ٩. | شیت خوشو | مامناوەند | ڕیش ڕەش | ٢٨ |
| ١٠. | ئەلیافر شیت | مامناوەند | ڕیش نەهاتوو | ١٧ |
| ١١. | ئافدەن خدروک | مامناوەند | ڕیش ڕەش | ٢١ |
| ١٢. | ئافدەب یهود | مامناوەند | تازە سمێڵ هاتوو | ٢٦ |
| ١٣. | خدروک ئیسحاق | مامناوەند | کۆسە | ٣١ |
| ١٤. | پرینال شیت | مامناوەند | کۆسە | ٤٢ |
| ١٥. | ترکە یهود | مامناوەند | ڕیش ڕەش | ٢٨ |
| ١٦. | دانیال خدروک | مامناوەند | ڕیش ڕەش | ٢٦ |
| ١٧. | عەبشی حیوم | مامناوەند | ڕیش ڕەش | ٢٨ |

## جووەکانی گوندی ڕوست

| ژ | ناو | پێکهاتەی جەستەیی | | تەمەن |
|---|---|---|---|---|
| | | باڵا | سیمای دەم و چاو | |
| ١. | معلم حیم رانه | مامناوەند | ڕیش سپی | ٥١ |
| ٢. | شمیله بنیامین | درێژ | ڕیش ڕەش | ٤١ |
| ٣. | =بنوک | کورتە باڵا | ڕیش ڕەش | ٢٦ |
| ٤. | یەهودا بنیامین | درێژ | کۆسە | ٦١ |
| ٥. | شیت حیم | مامناوەند | تازە سمێڵ هاتوو | ٢٠ |
| ٦. | ئەرمیه حیم | مامناوەند | ڕیش نەهاتوو | ١٧ |
| ٧. | معلم ئیبرایم بنیامین | کورتە باڵا | ڕیش ڕەش | ٢٦ |
| ٨. | بنیامین حیدن | مامناوەند | ڕیش نەهاتوو | ١٦ |
| ٩. | حیدن بنیامین | کورتە باڵا | کۆسە | ٢٦ |
| ١٠. | شاول لاس | کورتە باڵا | ڕیش ڕەش | ٤٦ |
| ١١. | سلمانوک لیدی | کورتە باڵا | کۆسە | ٥١ |
| ١٢. | معلم زکریا زکریا | مامناوەند | ڕیش ڕەش | ٣١ |
| ١٣. | معلم هارون هارون | مامناوەند | کۆسە | ٣١ |
| ١٤. | خنسی سبت | مامناوەند | کۆسە | ٢١ |
| ١٥. | معلم ئاقوب بنیامین | مامناوەند | ڕیش ڕەش | ٢٦ |
| ١٦. | برایم سینون | کورتە باڵا | ڕیش بۆز | ٦١ |
| ١٧. | ئلیاس برایم | مامناوەند | تازە سمێڵ هاتوو | ٢١ |
| ١٨. | شمعون سینون | مامناوەند | ڕیش ڕەش | ٢٦ |
| ١٩. | شمعون هارون | کورتە باڵا | تازە سمێڵ هاتوو | ١٧ |
| ٢٠. | زائل هارون | کورتەباڵا | تازە سمێڵ هاتوو | ١٨ |
| ٢١. | ماجیل شرب | مامناوەند | کۆسە | ٣٦ |
| ٢٢. | وسون مامیل | مامناوەند | ڕیش نەهاتوو | ١٦ |
| ٢٣. | مالموک مالموک | مامناوەند | ڕیش نەهاتوو | ١٦ |
| ٢٤. | خدروک برایموک | مامناوەند | ڕیش ڕەش | ٢٦ |
| ٢٥. | دانیال خدروک | کورتە باڵا | ڕیش بۆز | ٦١ |
| ٢٦. | شمعون دانیال | مامناوەند | ڕیش نەهاتوو | ١٧ |
| ٢٧. | شلوم بنیامین | مامناوەند | ڕیش نەهاتوو | ١٧ |
| ٢٨. | دیمر شلوم شیروان | مامناوەند | کۆسە | ١٥ |
| ٢٩. | دیمر خدروک شیروان | مامناوەند | ڕیش نەهاتوو | ١٥ |
| ٣٠. | برایموک = | مامناوەند | ڕیش ڕەش | ٣١ |
| ٣١. | مکائیل حیم | مامناوەند | ڕیش ڕەش | ٣٦ |
| ٣٢. | عمران بنیامین | مامناوەند | ڕیش نەهاتوو | ١٧ |
| ٣٣. | ئەرزون دانیال | مامناوەند | ڕیش نەهاتوو | ١٧ |
| ٣٤. | موشن دانیال | مامناوەند | ڕیش نەهاتوو | ١٦ |
| ٣٥. | شیم یهود | مام ناوەند | ڕیش نەهاتوو | ١٦ |
| ٣٦. | کوجیل یهود | مام ناوەند | ڕیش نەهاتوو | ١٦ |

جووەکانی گوندی مەمی خەلان

| | ناو | پێکهاتەی جەستەیی | | تەمەن |
|---|---|---|---|---|
| | | بالاً | سیمای دەم و چاو | |
| ١. | برایموک موسا | مامناوەند | تازە سمێڵ هاتوو | ٢٢ |
| ٢. | خالوک ئیسحاق موسا | مامناوەند | کۆسە | ٣٣ |

**ملخص:**

محتوى هذا البحث التاريخي تحت عنوان: **"مكونات الاجتماعية اليهودية في بالك وفي ضوء دفتر الوثائق الدولة العثمانية"**، وقد تم القيام به، لإجراء البحوث التي أجريت في مباحث الرئيسية الثلاثة، في المبحث الأول، وقد ذكر حقل الجغرافي والإداري والتاريخي في منطقة بالك، وفي المبحث الثاني، تم تحدث عن تاريخ وصول وتوطين يهود في منطقة بالك، ويتحدث المبحث الثالث، الذي هو محتوى وجوهر هذا البحث، عن محتوى مكونات الاجتماعية اليهودية في مناطق بالك، في ضوء دفتر دار الأرشيف الدولة العثمانية، تم شرح أسماء ومكونات مناطق مختلفة في بالك، ومن الناحية العلمية، نوقشت، على تنمية الاجتماعية اليهودية في بالك، ومن وجهة النظر عنوان هذا البحث، تم الحصول على بعض النتائج الجديدة المتصلة به.

مفتاح الكلمة: المكونات الاجتماعية، اليهود، جزية، بالك، الدولة العثمانية

**Abstract:**

The content of this historical research is entitled: "**The development of the Balakayati Jewish community under the light of an Ottoman state**", the research consist of three main topics, in the first topic, a historical, geographical, and administrative field of Balakayati has been mentioned, in the second topic, the history of the arrival and settlement of the Balakayati Jews was talked about, and the third topic, is the content and essence of this research, which talked about the social components of the Jews and have been explained under the light of an Ottoman state's archive, in a way scientific and detailed discussion has been held on the development of the Balakayati Jewish Community. From the point of view of this research title, some new results related to it were obtained.

**Words Key**: Social Structure, Jews, Jizya, Balak, Ottoman State.